# سالمی شاعیر لەژێـــــر کاریگەری حافزی شیرازی

د. ئیبراهیم ئەحمەد شـوان

زانکۆی سەلاحەدین - ئاداب

(( پێشەکی ))

زۆر جاران ئەوەم بە خەیاڵدا دەهات کە سالمی ساحێب قران یەکێکە لەو شاعیرە مەزنانەی کە سەردەمی میرنشینی بابانی بە خۆشی و ناخۆشیەوە دیوەو ورووداوەکانی بۆی بوونەتە هەوێنی کۆمەڵێ لە غەزەلەکانی و تا ئێستاش هەر بە زیندوویەتی ماونەتەوە ، سەرەرای ئەمەش هاودەمی نالی بووەو وەڵامی قەسیدەکانی داوەتەوە بۆ شام و زۆر بە وردی وێنەی نەهامەتییەکانی شاری سلێمانی کێشاوە .

کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هێشتا خامی بەبرشتی نووسەران پەیان بە مەیدانی شیعرەکانی نەبردووەو لە نزیکەوە لێیان نەکۆڵراوەتەوە . بەڵێ ... لەچەند شوێنێکدا هاتووە کە سالم گرفتاری شیعرەکانی حافزو کەلیمی هەمەدانی بووە ، بەڵام بێ ئەوەی پەنجە لەسەر شوێنی مەبەست دابنرێت . بۆیە لەم روانگەیەوە بە خاکساری یەوە خۆم خزاندۆتە ئەم مەیدانەوە بەهیوای ئەوەم سەرەداوەکەم لێ گوم نەبێ و بیگەیەنمە ناو گلۆڵەی مەبەست .

لەبەر ئەوەی سالم پەیوەندی بە کەلیمی هەمەدانی یەوە نییە ، بۆیە بەناچاری باسەکە بەیەك بەش مایەوەو هەولم دا لەدوورەوە کاریگەری حافز لەسەر سالم روون بکەمەوە :-

یەکەم :- دەست نیشان کردنی ئەو نیوە بەیتە فارسیانەی کە سالم لە غەزەلەکانی حافزەوە وەریگێراون جا راستەوخۆ بێت یا ناراستەوخۆ کە دەچنەوە سەر ئەدەبی بەراورد کاری .

دووەم : - دیاریکردنی تێکهەڵکێشەکان و گەراندنەوەیان بۆ سەر غەزەلە فارسیەکان و نووسینی واتایان .

بەهیوای ئەوەی خزمەتێکی کەمم بە ئەدەبی بەراورد کارەکی پێشکەش کردبێ و هاندەرێك بم بۆ نووسینی دی لەسەر ( سالمی ) لە بیرکراو .

## سالمی شاعیر لە ژێر کاریگەری حافزی شیرازی دا

شتیکی بەلگە نەویستە کە شاعیرە کۆنەکانی کورد زۆربەی هەرە زۆریان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فارسیەوەو لەلایەنی روخسارو ناوەرۆکەوە شوین پیی ئەوانیان هەلگرتووە وبوونەتە شۆرەسواری ئەم مەیدانە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وانەبی کەلە شاعیرەکانمان فۆتۆکۆپی ئەوان بووبن و کەسیەتی شیعری خۆیان نەبووبی .

سالمی شاعیر ١٨٠٥ – ١٨٦٦ یەکیکە لەوانەی کەبەروونی کاریگەری ئەدەبی فارسی پیوە دیارە بەگشتی و کاریگەری حافزی شیرازی ٧٢٦ك-٧٩١ك بەتایبەتی ، هەروەك و مامۆستا سەجادی لەم بارەیەوە دەلی (( مەفتونی شیعری حافز بووە))[1] . ئەوەی جیی داخە تا ئیستا روون نەکراوەتەوە ئەم مەفتوونی یە لە چ رادەیەك بووە و پەنجەی بۆ رانەکیشراوە و ئاستی ئەم کاریگەریە دیاری نەکراوە .

د. مارف خەزنەدار کەباسی روخساری شیعرەکانی سالم دەکا روونی دەکاتەوە کە (( ئەوەی سەرنج رادەکیشی لە مولەمەعی سالم ئەوەیە کە کۆمەلیك غەزەلی هەیە نیوە دیری یەکەمی غەزەلەکان هەموویان بە زمانی کوردین و نیوەدیری دووەمیان بە زمانی فارسین ))[2] .وا پیدەچی دکتۆر بۆ ئەوەی چووبی کە نیو بەیتە فارسییەکان هی سالم بن ، چونکە مولەممەع گەر بەدوو زمان بی یان زیاتر بەرهەمی تاکە شاعیریکە ، کە چی ئەم غەزەلانەی سالم کە بەکوردی و فارسین زۆربەی هەرە زۆری نیوە بەیتە فارسییەکان لە غەزەلەکانی حافزی شیرازی وەرگیران و بەم پیییە دەتوانین بەم جۆرە شیعرانە بلیین تیهەلکیش (**تضمين**) .

---

(1) میژووی ئەدەبی کوردی ، چ٢ ، ل٢٣٧ .

(2) لەبابەت میژووی ئەدەبی کوردی یەوە ،ل٢٠١-٢٠٢ .

سالم لە بەر ئەوەی زۆر هاموشۆی ئێرانی کردووە و گەلێ لە وێ ماوەتەوە و زمانەکەی بە چاکی زانیـوە و دیوانـە فارسییەکانی زۆر خوێندۆتـەوە ، بۆیـە دەبینین لـە شیعرەکانیدا گەلێ وشـەو زاراوەی فارسیـی بـەکار هێنـاوە و خـۆی لێ نەپەنگاندۆتەوە وەکو وشەی ئاسایی کوردێ مامەڵەتی لە گەڵیان کردووە .

بەم پێییە دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە سالم بەزۆری لە رووی روخسارەوە چاوی لە شاعیرە فارسـەکان کردۆتـەوەو لە لایەنی ناوەرۆکەوە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیەتی و کاریگەرییەکەش لە دوو رووەوەیە :

١-بەکار هێنانی وشەو زاراوە فارسییەکان : ئەوەی زمانی کوردی و فارسی بزانێ و سەیرێکی دیوانەکەی سالم بکات زۆر بە ئاسانی دەتوانێ وشە فارسییەکان جوێ بکاتەوە . سالم کە ئەو وشانەی بە کار هێناوە هەر لە بەر ئەوە بووە کە زۆر متووی شیعری فارسی بووە و وشەکان لە مێشکی چەسپ بوونـەو بێ هیچ سڵ کردنەوەیـەك خستتوونیەتە ناو بەرهەکانیـەوە . کەواتە لە بەر ئەوەی نـەبووە کەوشە فارسییەکان بەرامبـەریان لـە کوردیدا نییـە و بەدەگمـەن نـەبێ هـەموو وشـەکان لـە فەرهەنگی کوردیدا هەن و لە وانەیە هەر وشەیێ لە هەر شێوەو شێوەزارێکدا بوونی تایبەتیی خۆی هەبێ .

لەم نووسینەدا پێویست بەوە ناکات ئاماژە بە وشەکان بکرێن چونکە خزمەتێکی هێندە ناگەیێ .

٢- تێهەڵکێشکردنی نیوە بەیتە فارسیەکانی حافز : سالم لـە پانزە شوێن لـە دیوانەکـەیدا – لەوانـەش سێزدە غـەزەل و دوویەك بەیتی – پەنای بردۆتە بەر تێهەڵکێشکردنی نیوە بەیتی فارسی ، لە دوو تاکە بەیتییەکاندا سالم لـە هـەردووکیان نیو بەیتی عەرەبی حافزی وەرگرتۆتەوەو لەگەڵ نیو بـەیتی کوردی خـۆی سـازاندووە ، لـە سێزدە غەزەلەکـەش حـەفتیان لەگەڵ حافزەو شەشیان بۆمان روون نەبۆتەوە لەگەڵ چ شاعیرێکە .

ئێمەش لەلاپەرەکانی داهاتوودا بەپێی ئەم زنجیرەیەی خوارەوە دەست نیشانی تێهەڵکێشەکان دەکەین :

١) تاکە بـەیتی :- سالم لـەم بەیتـەی خوارەوەدا کاریگـەری حافزی پێوەدیـارە لـە رووی روخسـارو ناوەرۆکـەوە . لـە رووی روخساردا بە هەمان کێش و سەروای حافز غەزەلەکەی هۆنیوەتەوە و لە رووی ناوەرۆکیش نیوە بەیتـە کوردیەکـەی سالم وەرگێرانێکی بەدەستکاری نیوە بەیتە فارسیەکەی حافزە ، کەواتـە بەگشتی ئـەم بەیتـە لـە حـافزەوە وەرگیراوەو بەشێوەی تێهەڵکێش نیشان دراوە :

سالم :

مەی گەر حەرام و تاڵە ساقی بەچاوی مەستت

( اشهر لنا واحلر من قبل العذارا ) دیوانی سالم ، ل٢٣

حافز :

آن تلخ وش كه صوفي ام الخبائش خواند

( اشهر لنا واحلر من قبل العذارا ) ديوان حافظ ، ب١٧

واتا : ئەو مەیە بە درەنگەی کە سۆفی بەسەرچاوەی بەدکاری دادەنێ ، لەلای ئێمە لە ماچی کچان خۆشتر و پر ئارەزوو ترە.

لەم بەیتەشدا سالم یەکەمین نیوە بەیتی عەرەبی غەزەلەکەی دیوانـی حافزی وەرگرتووە کە گوایـە حـافزیش لـە یـەزیدی کوری مەعاویەی وەرگرتووە و نیوەی بەیتەکەی کردۆتە دوو بـەش و لەسـەر هـەمان کێشی حافز غـەزەلێکی پـێ ئارایشت کردووە کە تەفعیلەکەی بەم جۆرەیە ( مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل ) :

سالم :

( الا یا ایها الساقی ) بەموفلیس وەختی ئیحسانە

( ادر کاسا و ناولها ) عە طا شێوەی کەریمانە / ل١٢٩

حافز :

( الا يا ايها الساقي ادر كاسا وناولها )

كه عشق آسان نمود اول ولي افتاد مشكلها / ص١٥

واتا : دەخیلتم ئەی مەیگێر بسورێوەو پێکێك بێنە ، عەشق لەسەرتادا بە ئاسانی خۆی دەنوێنێ و کۆتایی یەکەی پر تـەنگ و چەڵەمەیە .

٢) چەند غەزەلێکی سالم لەگەڵ حافزدا : لەم غەزەلەی خوارەوەدا سالم سـەرەرای ئـەوەی کە نیـوە بـەیتی دووەمـی هـەموو بەیتە فارسیەکانی حافزی وەرگرتووە ، بەگشتی نیوە بەیتەکانی یەکەمیشی وەرگێراوەتە سـەر کوردی بـە دەسکاری یـەوەو

لەگەڵ واتای تەواوی بەیتەکان رێکی خستوون ، کەوابوو لە رووی ناوەرۆکەوە هەر هەمان واتای غەزەلەکەی حافزی دووبارە کردۆتەوە بەگشتی و لە رووی روخساریش هەمان کێش و سەروای حافزی ژمارەی بەیتەکانیش چوون یەکن .

وا لە خوارەوە یەکە یەکە لە بەیتەکان دەدوێین :

أ –

١- سالم :

ئەگەر ئومێدی دڵ بێنێتە جێ ماهی جیهان ئارا

بە خاڵی هیندوەش بە خشم سەمەرقەند و بوخارارا / ل٢٤

حافز :

اطر آن ترك شيرازي بدست آرد دل مارا

به خال هندويش بخشم سمرقند و بخارارا / ص١٨

واتا : ئەگەر ئەو جوانەی شیراز دڵی ئێمە بەدەست بێنێ ، سەمەرقەند و بوخارا پێشکەشی خاڵە رەشەکەی دەکەم .

واتا هەردوو نیوەبەیتی یەکەم بەگشتی دەگەنەوە یەك و تەنیا لە کوردییەکەدا( ترك شیرازی ) ی تێدانییە و بووەتە ( ماهی جیهان ئارا ) ، نیوە بەیتە فارسیەکەشی تێهەڵکێش کردووە .

لەم بەیتەی خوارەوە تەنیا نیوەبەیتی دووەمی حافزی وەرگرتووەو نیوەبەیتی یەکەمی هی خۆیەتی هەرچەندە ( خاری موغیلان ) ی لە بەیتێکی تری حافز وەرگرتووە :

٢- سالم :

لەبن خاری موغیلان وەصل ئەگەر بێ ئارەزوو ناکەم

کەناری ئابی روکنابادو گولگەشتی موصللارا ل٢٤

حافز :

بدة ساقي مي باقي كة در جنت نخواهي يافت

كنار آب ركناباد و طلطشت مصلر را /ص ١٨

واتا : ئەی مەیگێر مەیی هەمیشەیی بێنە کە لە بەهەشتیشدا شوێنی بێگەرد و سەرچاوەی رابواردنی وەك و روکناباد و موسەللا پەیدا نابێ .

لە بەیتی سێیەمدا سالم بە گشتی هەر نیوە بەیتی دووەمی حافزی دووبارە کردۆتەوە و بە دەسکارییەوە وەریگێراوە ، واتا لە هەردوو نیوە بەیتەکەدا باسی تاڵانکردنی کردووە :

٣- سالم :

لە عەزمم لانەدا فەوتام بەتاڵان چوو سەرو ماڵم

چونان بوردە ندێر ئەز دل کی تورکان خوانی یەغمارا / ل٢٤

حافز :

فغان كين لوليان شوخ شيرين كارشهر آشوب

ضنان بردند صبراز دل كه تركان خوان يغمارا / ص١٨

واتا : ئەی خەڵکین هاوارە کە ئەم شۆخە بە لەنجەو لارە هەموو خەڵکی شاری گرفتار کردووەو ئارامی منی وا رفاندووە دەڵێی تورکەکان سفرەی نیعمەت و بەهرەیان تاڵان کردووە .

سالم لە بەیتی چوارەمدا هاتووە نیوە بەیتەکەی حافزی وەرگێراوە و لەگەڵ نیوە بەیتە فارسیەکەی حافزی داناوەتەوە ، واتا : ئەم بەیتە بەگشتی هی سالم نییە :

٤- سالم :

نەصیحە ت بگرە گۆی جانا لەلایەن زۆر بەتەعقیمە

جەوانانی سەعادەتمەند پەندی پیری دانارا / ل٢٤

حافز :

نصیحت طوش کن جانا کە از جان دوستر دارند

جوانان سعادتمند ثند ثیر دانارا / ص ١٩

واتا : گیانە گوێ لە ئامۆژگاری بگرە ، چونکە جەوانانی بەختەوەر – ئامۆژگارییان لە گیان خۆشتر دەوێ .

لەم بەیتەی خوارەوەشدا سالم نیوە بەیتی یەکەمی حافزی وەرگێراوە و لەگەڵ بەیتی دووەمی فارسییەکەی حافز داناوەتەوە :

٥- سالم :

دووسەد جار گەر بە گوێی خۆم حەرفی ساردت بشنەوم شادم

جەوابی تلخ میز یبەد لە بی لەعلی شەکەر خارا / ل٢٤ .

حافز :

بدم گفتی و خرسندم عفاك الله نكو گفتی

جواب تلخ میز یبد لب لعل شكر خارا / ص١٩ .

واتا : بە خراپ ناوت هێنام و خوا بتپارێزێ من لە قسەکانت دڵتەنگ نابم ، بەڵام ئایا ئەم قسە ناشیرنانە لە لێوی شیرینی تۆ دەوەشێتەوە ؟

لەم بەیتەدا سالم ناراستەوخۆ واتای نیوە بەیتی یەکەمی حافزی وەرگرتووەو پەیوەندییەکی کەمیان بەیەکەوە هەیە :

٦- سالم :

ئەگەر حۆری لە کەوسەر شوست و شۆی خۆیدا بە تۆ نابێ

بە تاب و رەنگ و خال و خەت چەحاجەت رووی زیبارا / ل٢٤

حافز :

زعشق ناتمام ما جمال یار مستغني است

بآب و رنگ و خال و خط چه حاجت روی زیبارا / ص١٩

واتا : جوانیی یار کاری بە عەشقی ناتەوای ئێمەوە نییە ، رووی جوان پێویستی بە ئارا یشتکردن نییە.

سالم لەم بەیتەی خوارەوەدا تەنیا نیوە بەییتی دووەمی حافزی وەرگرتووە :

٧- سالم :

لەئیدراکی شکەنج و عوقدەیی زوڵفت پەرێشانم

کی کەس نەگوشودو نەگوشایەد بەحیکمەت ئین موعەممارا / ل٢٤

حافز :

حدیث از مطرب و می گو راز دهر کمترجو

کە کەس نگشودو نگشاید بحکمت این معمارا /ص ١٩ .

واتا : باسی مەی و گۆرانی بێژ بکەو لە ئەندێشەی نهێنی گەردووندا مەمێنەوە چونکە هیچ کەسێ تا ئێستا ئەم مەتەڵەی هەڵنەهێناوەو سەری لێی دەرنەچووە .

سالم لەم بەیتەدا نیوە بەیتی یەکەمی حافزی بە دەسکارییەوە وەریگێراوە و نیوە بەیتی دووەمیشی تێهەڵکێش کردووە :

٨- سالم :

کە شوعلەی گە لەعتی یووسف گلوعی کرد بەچی زانیم

کە عیشق ئەز پەردەیی عیصمە ت بیرون ئارەد زو لە یخارا / ل٢٤ .

حافز :

من از آن حسن روز افزون که یوسف داشت دانستم

که عشق از پرده عصمت بیرون آرد زلیخارا / ص١٩.

واتا : من لەو جوانییەی یوسف کە رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندابوو تێگەیشتم کە عەشقی یوسف لەئەنجامدا زولەیخا لە پەردەی پاکی و بێگەردی دەردێنێ .

لە بەیتی کۆتاییدا سالم ئەوە دەردەخا کە شیعرەکانی حافز کاریگەری بەسەریەوە هەیە ، نیوە بەیتی یەکەمی بەگشتی وەرگێرانێکی بەدەسکاری حافزەو ناوی ( سالم ) یشی تێخستووە :

٩- سالم :

کەلامت ( حافظ ) ا دڵسەنجە بۆ ( سالم ) وەها چاکە

کی بەر نەظمي تو ئەفشانەد فەلەك نظمي ثورة بیارا / ل٢٤

حافز :

غزل گفتی و درسفتی بیاوخوش بخوان حافظ

که برنظم تو افشاند فلك عقد پریارا / ص١٩ .

واتا : وەرە حافز غەزەلە خۆشەکانت بخوێنەوە کەوە کو دوری سمیو وان ، گەردوون ملوانکەی سورەییا بەسەر شیعرەکانت پەخشان دەکات .

---

ب ) سالم لە غەزەلێکی تردا چەند نیوە بەیتێکی عەرەبی و فارسیی حافزی وەرگرتووەو لەگەڵ غەزەلێکی خۆیدا تێهەڵکێشی کردووە ، لە رووی روخسارەوە لەسەر هەمان کێش و سەرواى غەزەلەکەی حافزەوە لە روی ناوەرۆکەوەش هەندێ لە نیوە بەیتە کوردییەکان هی سالمەو هەندێکی تر وەرگێرانی نیوە بەیتە فارسییەکانی حافزە بە دەسکارییەوەو لە شوێنی خۆیدا دەستنیشانی دەکەین و بەپێی ژمارەی بەیتەکانی سالم لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدەین :

١) ئەم بەیتەی سالم بە گشتی دووبارەکردنەوەی بەیتەکەی حافزەو نیوە بەیتی یەکەمی سالم بەگشتی وەرگێرانێکی بەدەسکاری نیوە بەیتی یەکەمی حافزە :

سالم :

صوبحي نەورۆزە وەختی بەزمی شەراب

الصبوح الصبوح یا احباب / ل ٤٣

حافز :

مید مد صبح و کله بسته حجاب

الصبوح الصبوح یا احباب / ص ٢٤ .

واتا : بەوی بەیانەو هەور پەردەی لەئاسمان نوواندووە ، ئەی یاران مەی بێنن و کاتی مەینۆشینە .

٢) - سالم تەنیا نیوە بەیتی دووەمی حافزی وەرگرتووەو لەبەیتەکەی خۆی هەڵکێشاوە ، هەرچەندە نیوە بەیتەکەی سالمیش هەر لە چوارچێوەی واتای گشتی غەزەلەکەی حافز دەخولێتەوە کە باسی کاتی مەیخواردنەوەیە :

سالم :

فەصلی عەیش و نیشاطە هەی ئەمان

المدام المدام یا احباب / دیوانی سالم ، ل٤٣ .

حافز :

میچکد ژاله بررخ لاله

المدام المدام یا احباب / دیوانی حافظ ، ص٢٤

واتا : شەونم دەپرژێتە سەر رووی گوڵاڵە ، ئەی یاران مەی بێنن مەی .

٣) – لەم بەیتەدا سالم نیوە بەیتی دووەمی لەگەڵ نیوە بەیتێکی خۆی تێهەڵکێش کردووە ، لە دیوانی سالمدا سەرەتای نیوە بەیتە فارسیەکە ووشەی ( بس ) ە ، بەڵام ( پس )[1] راسترە ، هەروەها لە شوێنی تر بە ووشەی ( خوش )[2] هاتووە :

سالم :

بولبولان مەست و گوڵ قەدەح دەرکەف

بەس بنوشید دائما مەیی ناب / ل٤٣ .

حافز :

میوز دا چمن نسیم بهشت

خوش بنوشید دایمامی ناب /ص٢٤

واتا : بای بۆنخۆشی بەهەشت لە چیمەنەوە هەڵدەکاو یاران مەیی بێگەرد بنۆشن .

٤) لەم بەیتەدا سالم نیوە بەیتی دووەمی حافزی تێکهەڵکێش کردووە و نیوە بەیتە کوردییەکەی هی خۆیەتی :

سالم :

پیری مەی ئیستە کێ قبوول ناکا

کی ببەند مەیکەدە بەشتاب / ل٤٣ .

حافز :

درچنین موسمی عجب باشد

کە ببندند میکدە بشتاب / ص٢٤ .

واتا : لەم وەرزی بەهارەدا سەیرەکە بە خێرایی دەرگای مەیخانە دابخەن .

٥) هەمدیسان سالم نیوە بەیتە فارسیەکەی حافزی تێهەڵکێشی بەیتەکەی خۆی کردووە و نیوە بەیتە کوردییەکەی سەربەخۆیەو پەیوەندی بەبەیتەکەی حافزەوە نی یە : -

سالم :

ئەی حەریف هەفتەیێکە ئاوی بەهار

راح چون لەعلی ئاتەشین دەریاب /ل٤٣

حافز :

تخت ز مرد زدست گل بچمن

راح چون لعل آتشین دریاب / ص٢٤

واتا : گوڵ تەختی زومردی لەسەر رووی زەوی داپۆشیوە ، خێراکە مەیی سوری ئاگرین ئامادەکە .

٦) لەبەیتی شەشەم دا سالم نیوە بەیتی یەکەمی حافزی وەرگێراوە و نیوە بەیتی دووەمیشی تێهەڵکێش کردووە :

سالم :

دەری مەیخانە بەندە رێگە نییە

افتح الباب یا مفتح الابواب / ل٤٣

---

[1] شرح سودی برحافظ ، چ١ ، ص ١١٩ .

[2] دیوانی حافظ ، لیمودهی ، ص٢٤ .

حافز :

دری میخانه بسته اند دگر

افتح الباب یا مفتاح الابواب / ٢٤

واتا: دەرگای مەیخانە بەستراوە ، ئەی واکەری دەرگاکان دەرگا بکەوە .

٧) لە بەیتی کۆتاییدا نیوە بەیتی دووەمی فارسی یە و دەکەوێتە خانەی رەنگاورەنگەوە ( ملمع ) چونکە هی سالەو هەرچەندە ( ازمی ناب ) ی حافزی تێدا دووبارە کراوەتەوە .

---

ج) لەم غەزەلەی خوارەوەدا سالم لە غەزەلێکی هەشت بەیتی حافزدا حەفت نیوە بەیتی لە غەزەلێکی خۆی تێهەڵکێش کردووە و سەرەرای ئەوەی کە لەسەر هەمان کێش و سەرواى غەزەلەکەی حافزە ، لە رووی ناوەرۆکەوەش نیوە بەیتە کوردیەکانی چواریان وەرگێرانی نیوە بەیتەکانی حافزە لەگەڵ هەندێ دەسکاری ، کەواتە لەم حەفت نیوە بەیتە کوردییەدا تەنیا سێ نیوە بەیتی پەیوەندیان بە غەزەلە فارسیەکەوە نی یە ، وا لە خوارەوە ئاماژە بەبەیتەکان دەکەین :

١) نیوە بەیتی یەکەمی سالم وەرگێرانێکی بە دەسکاریی نیوە بەیتەکەی حافزە ، چونکە یەکێ لە واتاکانی پەیك بای سەبایە :

سالم :

بینە سا بادی صە با لەم وەختەدا پەیغامی دۆست

تاکو ئەم جان ئەز سەری رەغبەت فیدای نامی دوست / ل٤٨

حافز :

مرحبا أی پیك مشتاقان بده پیغام دوست

تاکنم جان از سر رغبت فدای نام دوست / ص٣٥

واتا : مەرحەبا ئەی نامەبەری عاشقان ( بای سەبا ) خەبەری دۆستم پێرابگەیەنن ، تا بێ ویستی گیان و دڵ گیانم بە قوربانی ناوی یار بکەم .

٢) لە مبەیتەدا سالم نیوە بەیتە فارسییەکەی وەرگرتووە لەگەڵ نیوە بەیتی خۆیدا تێکی هەڵکێشاوە ، نیوەکەی تریشی لە واتای گشتی دەگاتەوە فارسییەکە .

سالم :

وەختە بنیادی وجوودم ئەی صیفە ت ئاگر بدا

گووگیی گبعم ز عیشقی شەککەری بادامی دوست / ل٤٨

حافز :

واله و شیداست دایم همچو بلبل در قفس

گوگی گبعم زشوق شکر وبادام دوست / ص٣٥ .

واتا : تووتیی سروشتم وەکو شالوور لە قەفەسدا لەبەر شەکرو بادامی یار واتا : لیوو دەم و چاوی یار .

٣) سالم نیوە بەیتی دووەمی حافزی وەرگرتووە و تێکهەڵکێشی نیوە بەیتەکەی خۆی کردووە :

سالم :

ئاوی کەوسەر قەت قبوول ناکا لەدەست غلیمان و حوور

هەرکی جون مەن دەر ئەزەل یەك جورعە خورد ئەزجامی دوست / ل٤٨

حافز :

سرزمستی برنگیرد تا بصبح روز حشر

هەر کە چون من در ازل یك جرعه خورد ازجام دوست / ص٣٥

واتا : هەر کەسێ وەکو من لەئەزەلەوە پێکی لە جامی یار نۆشیبێ تا ڕۆژی دوامایی سەر لە مەستی بەرز ناکاتەوە .

٤) ئەم بەیتەش بە گشتی لەگەڵ بەیتەکەی حافز یەك دەگرتەوە :

سالم :

نالەبێ تە ئیرە دڵ زەحمەتی خۆت بەس بدە

دەردی سەر باشەد نموودەن بیش ئەزین ابرامی دۆست / ل٤٨

حافز :

بس نگویم شمه أی ازشرح حال خود ولی

دردی سرباشد نمودن بیش ازین ابرام دوست / ص٣٥

واتا : من ئەمگوت بەقەد تۆزقاڵێ باسکردنی حەزو ئارەزووم بۆ جوانان دەبێتە مایەی دەردەسەری بە تایبەتی ئەگەر لە شەممەیێ زیاتر بێت .

٥) نیوە بەیتی یەکەمی سالم وەرگێڕانێکی بە دەسکاریی نیوە بەیتی یەکەمی حافزەو سالم بەیەك گەیشتنی بە ماچکردن داناوەو دوورکەوتنەوەشی بە جوێن دان لەقەڵەم داوە .

سالم :

قەصدی ئەو دوشنام و جەورە مەیلی من بۆس و کەنار

تەرکی کامی خود گرفتەم تا بەراید کامی دوست /ل٤٨

حافز :

میل من سوی وصال وقصد او سوی فراق

ترك کام خود گرفتم تا برێید کام دوست / ص٣٥

واتا : من ئارەزووم لەبەیەك گەیشتنەو یاریش ئارەزووی لە دوورکەوتنەوەیە ، بۆیە من واز لە ئارەزووی خۆم دێنم تا حەزی یار دێتەدی .

٦) نیوە بەیتی یەکەمی سالمی وەرگێڕانێکی بە دەسکاری نیوە بەیتەکەی حافزەو سالم وشەی کوحلی بەکارهێناوە بەرامبەر ( توتیا ) لە فارسییەکەی کە هەر هەمان واتای کل دەگەیەنێ ، بەم پێوەرە بەیتەکە هەمووی شیعری حافزە ، لە دیوانی سالدا لە جیاتی ( خاك راهی ) نووسراوە ( خاکەرا ) کە هەڵەیە :

سالم :

دیدە کوحلی پێ دەوێ بادی سەبا سا بێنە زوو

خاکەرا کانی کان موشەرەف کەردە از اقدام دوست / ل٤٨

حافز :

گر دهد دستم کشم در دیده همچون توتیا

خاك راهی کان مشرف گردد از اقدام دوست / ص٣٥

واتا : گەر خاکی ژێر پێی یارم بەدەست بکەوێ وەکو کل ( توتیا ) لە چاوم دەکەم .

٧) نیوە بەیتی یەکەمی سالم بەگشتی لە چوارچێوەی نیوە بەیتە فارسییەکەی حافز دەخولێتەوە و لە رووی واتاوە سوودی لێ وەرگرتووە و وەرگێڕانێکی بە دستکاریی حافزە:

سالم :

توشی دەردی ئادەمم یاران لەقەیدی خاڵەوە

بەر ئومیدی دانەیی ئیفتادە ئەم دەردامی دوست / ل٤٨

حافز :

زولف او دام است و خالش دانە ێان دام و من

بر امید دانه افتادم اندر دام دوست / ص٣٥

واتا : زولفی یار داوەو خاڵەکەشی دانەی داوەکەیە ، منیش بە ئومێدی ئەو دانەیە کەوتمە ناو داوەکەوە .

د) سالم لە غەزەلێکی یازدە بەیتی حافزدا پێنج نیوە بەیتی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی کردووە ، نیوە بەیتە کوردیەکانیش سێیانیان بە گشتی وەرگێرانێکی بەدەسکاریی نیوە بەیتەکانی حافزە ، لەگەڵ ئەمەشدا لە غەزەلێکی تری حافز نیوە بەیتی دووەمی تێهەڵکێش کردووەو نیوە بەیتە کوردی یەکەی خۆشی بە گشتی هەمان واتای نیوە بەیتە فارسی یەکەی حافزە ، وا لە خوارەوە یەکە یەکە ئەم بۆچوونانە بەبەڵگە دەسەلمێنین :-

١) بەیتی یەکەمی سالم هەمووی لە بەیتی یەکەمی غەزەلێکی حافزەوە وەرگیراوە و نیوە بەیتی یەکەمی وەرگێراوە و نیوە فارسیەکەشی تێهەڵکێش کردووە :

سالم :

ئەیامی عید و عەهدی گوڵو موسمی بەهار

ساقی بەرووپی شاد ببین ماهو مەی بیار / ل٥٨

حافز :

عید است موسم گل و یاران در انتظار

ساقی برویی شاه ببین ماه و می بیار / ص١٦٣

واتا : جەژنە وەرزی گوڵە و یاران چاوەروانن ، مەیگێر مانگ لە پشتی پاشا ببینەو مەی بێنە .

٢) نیوە بەیتی یەکەمی سالم لە چوارچێوەی واتای گشتی نیوە بەیتی حافزە و نیوە بەیتە فارسیەکەشی تێهەڵکێش کردووە :

سالم :

جانا لە ماڵ و دەوڵەتی دونیا عەزیز تەر

ئان نیز برکر شمه ساقی کنم نیپارا / ل٥٨

حافز :

جز نقد جان بدست ندرام شراب کو

کانمم نیز بر کرشمه ساقی کنم نپار / ص١٦٣

لە دیوانی سالم لە جیاتی ( کان ) وشەی ( ئان ) هاتووە و لە جیاتی ( کرشمه ) وشەی ( گریشمه ) هاتووەو بە هەڵە تۆمار کراون .

واتا : جگە لە نەختی گیان شەرابم لە دەست نی یە کە ئەویش بە قوربانی لارو لەنجەی مەیگێر دەکەم .

٣) لە بەیتی سێیەم سالم تەنیا نیوە بەیتە فارسییەکەی تێهەڵکێش کردووە :

سالم :

بێت و لەبم بگاتە لەبت دڵ بەڵەد دەبێ

ئەز فیضي جام وقصهي جمشیدی کامگار / ل٥٨

حافز :

دل در جهان مبندوز مستی سؤال کن

از فیج جام قصه جمشید کامگار / ص١٦٣

لە دیوانی سالم لە جیاتی ( کامکار ) وشەی ( کامگار ) هاتووە هەردووکایان راستن بە مانای ( کامەران ) دێن .

واتا : دڵ بە جیهان مەبەستەو لەو مەستیدا بپرسە ، لە فەیزی جامی جەمشیدی کامەران .

٤) نیوە بەیتی یەکەمی سالم لە چوارچێوەی گشتی واتای نیوە بەیتەکەی حافزەو نیوە بەیتە فارسییەکەشی تێهەڵکێش کردووە .

سالم :

رەنگین دەبێ لە حاڵەتی بەزما بە شیعری من

جامی مرصعی تو بەدین دوری شاهوار / ل٥٨

حافز :

می خور بشعر بنده که زیبی دگر دهد

جام مرصع تو بدین در شاهوار / ص١٦٣

واتا : لەگەڵ شیعرەکەمدا شەراب بنۆشە ، چونکە پێکی گەوهەرینی تۆ جوانییەکی تر بە شیعری پاشایانەی مـن دەبەخشێ .

٥) سالم ئەم بەیتـەی لە غـەزەلێکی تـری حافز وەرگرتـووە و نیـوە بەیتـە کوردیەکەی وەرگێڕانێکی بـە دەسکاری نیـوە بەیتەکەی حافزەو بەیتەکەی تریشی تێهەڵکێشاوە :

سالم :

ڕێگا دەبابە سیری دەهانت خەیاڵی من

موسوم نوقگە ئەست نە پەنهان نە ئاشکرا / ل٥٨

حافز :

الحق وجود نقش ونشان دهان تو

موهوم نقطه ایست نه پنهان نه اشکار / ص١٧٥

لە دیوانی سالمدا لە جیاتی ( موهوم نقطه ایست ) بە فرێزی ( موسوم نوقطە ئەست ) هاتووە کە هەردووکیان دەگونجێن .

واتا : لە ڕاستیدا بوونی نەخش و نیشانی دەمی تو ، خاڵێکی خەیاڵییە نە پەنهان و نەئاشکرایە .

٦) لەبـەیتی شەشـەمدا سالم تـەنیا نیوە بـەیتی دووەمی حافزی وەرگرتووە و لەگـەڵ نیوە بەیتـە کوردییەکـەی خـۆی تێهەڵکێشی کردووە :

سالم :

چیهرەت بە ئاب ورەنگی لطافەت دەڵێی گوڵە

یارەب زو چەشم و زەخمی زەمانەش نیگاهدار / ل٥٨

حافز :

خوش دولتی است خرم و خوش خسروی کریم

یارب زچشم زخم زمانش نگاهدار / ص١٦٣

واتا : خۆشی و شادی سامانێکی خۆشە و بەخشندەیی خووێکی پاشایانەیە ، ئـەی خودایـە پاشا لـە چاوی بـەدی ڕۆژگار بپارێزە .

---

ه) لەم غەزەلەی خوارەوە دا سالم شەش نیوە بـەیتی لە غـەزەلێکی حـەفت بـەیتی حافز وەرگرتووەو لەگـەڵ نیـوە بەیتـە کوردییەکانی خۆی تێهەڵکێش کردووە ، تەنیا بەیتی یەکەم و سێیەم لە واتادا یەك دەگرنەوە .

١) نیوە بەیتی یەکەمی سالم لەگەڵ نیوە بەیتی یەکەمی حافز لە واتای گشتی یەکن :

سالم :

ڕووت نازك و لطیفە وەکوو نەو گوڵی بەهار

قەددت بەڕاستی چوسە هی سەروی جوێبار / ل٦٠

حافز :

أی برده نردحسن زخویان روزگار

قدت براستی چوسهی سرو جویبار / ص١٥٧

واتا : ئەی ئەو یارەی نەردی جوانیت لە جوانانی رۆژگار بردۆتەوە ، بالآت لە راستیدا وەکو سەرووی دەو رووبارە .

٢) سالم :

زۆرا وەرن فیراق و غەریبی و بێ کەس

ئەز دەستی هەرسێ تاچ کونەد ئین دلی فیگار /ل٦٠

حافز : دایم دل بدست خگ و خال و زولف تو

اودست هرسه تا چەکشد این دل فگار / ص١٥٧

لە دیوانی سالم لە جیاتی ( تاچەکشد ) فرێزی ( تاچەکند ) هاتووە ، ئەمەس لەبەر جیاوازی دیوانەکانە .

واتا : دڵ هەمیشە بەدەست و خەت و خاڵ و زوڵفی تۆ ، لە دەستی ئەم سێیانە دڵی ئازاراوی چۆن باریان ببات ؟

٣) لەم بەیتەدا جیاوازی هەیە لە نێوان دەقی نیوە فارسیەکەدا و دوورنییە ئەمەش لەبەر جیاوازی نوسخە دیوانەکانی تری حافز بێت ، هەردوو نیوە بەیتی یەکەم لە واتای گشتیدا یەکن .

سالم :

بۆ من غزایە قەتلی رەقیبم بە ئەمری تۆ

دانەم منافری و نەترسەم زو روزگار / ل٦٠

حافز :

با صد هزار دشمن اگر یار با من است

دانم مصاف راو نترسم زکار زار / ص١٥٧

لێرەدا هەردوو نیوەبەیتی دووەمی فارسییەکە جیاوازیان هەیەو ( منافری ) بووەتە ( مصاف ) و ( روزگار ) بووەتە ( کارزار ) ، موناڤیری بە واتای نەفرەتی کردنەو ( مصاف ) شوێنی ریزی مەیدانی جەنگە .

واتا : گەر یارم لەگەڵ بێ با دوژمنەکانم لە مەیدانی جەنگدا سەد هەزار بن هیچ باکم نییە .

٤) سالم :

وێران بکەی بە تەرزی جەفاکەر بینایی دڵ

ئەز وەی بە دەرشەوەم ئەگەر ئایەم بە اضطرار / ل٦٠

حافز :

عشقت چو در سراچە دل خانە گیرشد

زین در اگر بدرشوم ئیم باچگرار / ص١٥٧

نیوە بەیتی دووەمی فارسییەکەی هەندێ جیاوازیان تێدایەو لە جیاتی ( زین در ) وشەی ( ازوی ) هاتووەو ( اگر ) جێ گۆرکێی کردووەو بەڵام جیاوازییەکەی لە جیاوازی نوسخەی دیوانەکانەوە هاتووە .

٥) سالم :

مەشغولی مەشقەوا شەوی ئایان لە زوڵفی تۆ

عقلی گویل رانەبووە د هیچ اعتبار / ل٦٠

حافز :

گر سروبیش قد تو سرمیکشد مرنج

عقل گویل رانبود هیچ اعتبار / ص١٥٧

واتا : ئەگەر درەختی سەروو لەبەر دەمی تۆدا سەر بڵندی بکا مەرەنجێ چونکە ژیری درێژی ( کل گویل احمق سور عمر )هیچ نرخێکی بۆ نییە .

٦) سالم :

(( سالم )) نیه نەجاتی لە داوت بە نەقدی جان

دەرشەشدەری غەمەت دلەش ئوفتادە موهرەوار / ل٦٠

حافز :

منصوبە هوای تو حافز کنون چو باخت

درششدر غمت دلش افتاد مهرەوار / ص١٥٧

واتا : ئەو کەسەی دەیویست لەگەڵ تۆدا بەرامبەری بکات ، ئێستا دۆراندوویەتی و شەشدەری لێگیراوەو دۆشداماوەو غەمگینە .

و) لەم غەزەلە هەشت بەیتەی سالمدا کە تێهەڵکێشە لەگەڵ غەزەلێکی هەشت بەیتی حافز ، تەنیا بەیتی سێیەمی سالم نیوەبەیتەکەی هی حافز نییە ، سەرەرای ئەمەش بەیتی یەکەم و دووەم و حەفتەمی سالم جگە لە فارسییەکەی کوردییەکەشی پەیوەندی بەم بەیتانەی حافزەوە هەیە و لەواتای گشتیدا دەگەنەوە یەکتری ، والە خوارەوە بەیتەکان دەستنیشان دەکەین لەگەڵ واتای بەیتە فارسییەکان :

١) ئەم بەیتەی سالم بەگشتی بەبەیتەکەی حافز دەچێت و نیوە بەیتی یەکەمی کوردییەکەی لە واتادا لە نیوە بەیتی یەکەمی حافز دوور نییە ، بەڵام ناتوانین بە وەرگێرانی لە قەڵەم بدەین و لە فارسییەکەوە واتای وەرگرتووە :

غەیری فکری وەصلی دولبەر نیمە اصلا یادی کەس

هەر دووعا لەم را بەدوشمن دیە کی مارا دوست بەس /ل٧٢

حافز :

در چمیر ما گنجد بغیر از دوست کس

هەر دوعالم را بدشمن کە مارا دەست بس / ص١٧٤

واتا : کەس لە دەروونی ئێمە ناگونجێ دۆست نەبێ ، کە دۆستم بوو با هەردوو جیهان دومنم بێ( جیهانی مرۆڤ و جنۆکە) .

٢) نیوە بەیتی یەکەمی ئەم بەیتەی سالم لە نیوە بەیتە فارسیەکەی حافز زۆر دوور نییەو سرۆشی لەو وەرگرتووە :

سالم :

گەر ببینم دەفعەیێکی تێر رووی دولبەرم

جملە دونیا پیشی چەشمی من نماید چون عەدەس /ل٧٢

حافز :

یار گندم گون ماگر میل کردی نیم جو

هردوعالم پیش چشم ما نمودی یك عدس / ص١٧٤

نیوە بەیتی دووەمی هەردوو بەیتەکە هەندێ جیاوازییان هەیە لەبەر جیاوازی سەرچاوەکان ، ( جملە دونیا ) بووەتە ( هردوعالم ) ، ( نماید ) بووەتە ( نمودن ) و ( من ) بووەتە ( ما ) و ( چون ) بووەتە ( یك ) .

واتا : گەر یاری گەنم رەنگی ئێمە بەقەد نیوە دەنکە جۆ ئارەزووی بۆمان هەبێ هەردوو جیهان لە پێش چاومان دەبێتە دەنکە نیسکێ .

٣) نیوە بەیتی دووەمی ئەم بەیتەی سالم لە دیوانی حافز نەبوو ، وا پێدەچێ هی خۆی بێت و نەمان توانی بە تەواوی بۆی بگەرێین ، بۆیە پێویست بە تۆمارکردنی ناکات .

٤) لەم بەیتەدا سالم نیو بەیتی حافزی تێهەڵکێشی غەزەلەکەی کردووەو دەقەکانی وەکو یەکن تەنیا لە ووشەی ( نمی دارد ) و ( نمی داند ) جیاوازی هەیە :

سالم :

عجزی حاصل بوو بە غفلت جەوری دولبەرم

قەندەرا لەززەت مەگەرنیکو نەمی دارەد مەگەس / ل٧٣٦

حافز :

غافل است صنکو بشمشیر از تومی پیچد عنان

قندرا لذت مگر نیکو نمیداند مگس / ص١٧٤

واتا : ئەی حافز ئەو کەسەی بە شمشێر جڵەو لەتۆ پێچێتەوە خافڵە ، بۆ دەبێ مێش هەست بە شیرینی شەکری قـەند نـەکا ؟!

٥) سالم :

دیدە هەڵنایێ لە سەیری گوڵعوزارانی جیهان

تا تورا دیدم نەکەردم جوز بە دیارەت هەوەس / ل٧٣

حافز :

خاطرم وقت هوس کردی که ببینم چیزها

تا ترا دیدم نکردم جز بدیدارت هوس / ص١٧٤

واتا : هۆشم کە ئارەزووی لە بینینی زۆرشت دەکرد ، تا تۆم دی جگە لە بینینی تۆ حەزم لەبینینی هیچ نەکرد .

٦) سالم :

بیمی ئافاتم نیە شەوها لەبەر ئیفتادەگی

ئانچو نانم کەز خەیالت باز نەشوناسەم عەسەس / ل٧٣

حافز :

مردمان را از عسس شب گر خیالی در راست

من چنانم کز خەیالم باز نشناسس عسس / ص١٧٤

واتا : گەر خەڵکی بەشەو خەیاڵی پاسەوانیان لەسەرە ، من بەو جۆرەم کە خەیاڵی پاسەوانم لا نییە .

٧) نیوە بەیتی یەکەمی سالم لە نیوە بەیتی یەکەمی حافزەوە وەرگیراوە لەگەڵ هەندێ دەسکاری ، چونکە لە هەردوو نیوە بەیتەکەدا باسی فرمێسك و دەریا بەرچاو دەکەوێ :

سالم :

بۆ یەمی ئەشکم لە کۆتاوە چ خۆشە ناگەهان

بەر سەرایەند ئین رەقیبانی سەب و کبارەت چوخەس / ل٧٣

حافز :

کویت از اشکم چو دریا گشت و میترسم کەباز

برسرایند این رقیبان سبکبارت چوخس / ص١٧٤

واتا : سەرات لەبەر فرمێسکم وەکو دەریای لێهات و دەترسم دیسان ئەو رەقیبە چرووکانە وەکو درك و داڵ بەسەرو کۆڵکت دابێن .

٨) سالم :

صعبە ( سالم ) قاصری دولبەر ئیتر نایێتە لات

بعدە زین بنشین کی گەردی بەر نەخیزەد زین فەرەس / ل٧٣

حافز :

حافظا این رەبپای لاشە لنگ تونیست

بعد ازین بنشین کە گردی بر نخیزد زین فرس / ص١٧٤

واتا : ئەی حافز ئەم ڕێگایە بە پێی لاشەی لەنگی تۆ نییە ( توانای ڕۆیشتنی ئەم ڕێگایەت نییە ) ، گەران بەسە و دانیشە ئەم ئەسپە خۆی لەسەر پێ ڕاناگرێ .

ز) سالم لەم غەزەلە شەش بەیتەدا شەش نیوە بەیتی لە غەزەلێکی حەفت بەیتی حافز وەرگرتووەو تێهەڵکێشی کردووە لەگەڵ نیوە بەیتەکانی خۆی ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەر تەنیا سێ نیوە بەیتی سالم هی خۆیەتی و سێ نیوە بەیتەکانی تری لە نیوە بەیتە فارسییەکانی حافز وەرگرتووەو لە ڕووی ناوەرۆکەوە لێکچوونیان لێ بەدی دەکرێ ، ئێستاش وا لە خوارەوە بەیت بەیت دەستنیشان دەکرێن :

١) سالم :

لیلی وەشانی ملکی عرب جملە یەك بەیەك

هەرگیز سیاه چوردە نەدیدم بە دین نمەك / ل٧٣

حافز :

ای پیك پی خجستە چەنامی فدیت لك

هرگز سیاه چردە ندیدم بدین نمك / ص١٦٩

واتا : ئەی پەیکی پێ بەخێر ناوت چیە قوربانت بم ؟ هەرگیز ڕووی ڕەشم بەم خوێیە نەدیوە .

٢) نیوە بەیتە کوردی یەکەی سالم بە گشتی بە نیوە بەیتە فارسیەکەی حافز دەچێ واتای گشتی وەرگرتووەو جگە لەوەی کە نیوە بەیتەکەی تری حافزی لە بەیتەکەی خۆی هەڵکێشاوە :

سالم :

تەنها زەمین لە عارچی تۆ پر تەوی نەدا

مانەندی ئافتاب هەمی تابەد ئەز فەلەك / ل٧٧ .

حافز :

از گرف بام روی چوماه تو هرشبی

مانند صفتاب همی تابد از فلك / ص١٦٩

واتا : لە قەراغ بانەوە ڕووی وەکو مانگی تۆ هەموو شەوێ ، وەکو ڕۆژ لە ئاسمان دەدرەوشێتەوە .

٣) ئەم بەیتە هەمووی بە فارسییەو نیوە بەیتی یەکەمی وا پێدەچێ هی سالم بێ و نیوە بەیتی دووەمی لە حافز وەرگیراوە :

سالم :

ڕۆژی ئەزەل زوجای پدر گەر پسر بودی

ئەز دیدەنش بە سجدە نەپەرداختی ملك / ل٧٧

حافز :

صدم زحسن روی تو گربهره داشتی

از دیدنش بسجدە نپر داختی ملك / ص١٦٩

واتا : گەر ئادەم لە جوانیی ڕووی تۆ بەهرەیەکی هەبوایە ، ئەوا فریشتەکان کرنووشیان بۆ ئادەم نەدەبرد لە بینینی بەڵکو کرنوشیان بۆ تۆ دەبرد .

٤) سالم :

جانهای پاك سەجدە کەنان دێنە دەگەهت

وانگاه خاکی پای تو بوسوندیەك بەیەك / ل٧٧

حافز :

خوبان سزکە بردرت جملگی

وانگاه خاك پای تو بوسند يك بيك / ص١٦٩

لەم بەيتـەی سـەرەوەدا نيوە بـەتی يەكـەمی سالم لـەرووی واتـاوە هـەندێ بـە نيـوە بـەيتی يەكـەمی حـافز دەچێـت و لـە هردووكيانـدا باسی يارو هاتنە بەر دەرگا تێدايە .

واتا : جوانان شايانی ئەوەن كە هەموو بێنە بەر دەرگات و ئەو كاتە يەك بەيەك خاكی ژێر پێت ماچ بكەن .

٥) ئەم بەيتەش بە گشتی لەبەيتەكانی حافز دەچێ و نيوە بەيتی يەكـەمی سالم بـە نيـوە بەيتەكـەی حـافز دەچێ و لـە هەردووكيانـدا باسی چين و جوانيی رووی ياريان تێدايە :

سالم :

چينی لە روويی معنی اوصافی حسنی تر

نقش و نيگار خانەی چين راكونند حەك / ل٧٧

حافز :

صورتگران چين اگر صن چهره بنگرد

نقش و نگار خانه چين راكنند حك / ص١٩٦

واتا : وێنەگرانی چين ئەگەر سەيری ئەم دەم و چاوە بكەن ، نەخشی وێنەخانەی چين دەسرنەوە .

٦) سالم :

كافر لە منعی سالم ئەگەر دەم بدا چ باك

زەر خالصە ست باك نميدارد ئەز محك / ل٧٧

حافز :

دودوستی ( حافظ ) اگر نيستت يقين

زر خالص است و پاك نميدارد از محك / ص١٩٦

واتا : ئەگەر باوەری تەواوت بە خۆشەويستی حافز نييە خۆشەويستييەكەی زێری پاكەو لە مەحەك بێ باكە .

ئـەنجام

لە م لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

١) ئەو غەزەلانەی بە کوردی و فارسین رەنگاو رەنگ ( ملمع ) نین ، بەڵکو تێهەڵکێشـن ( تضمـین ) ، چونکـە نیـوە بەیتـە فارسیەکان هی سالم نین .

٢) سالم لـە هـەندێ شوێندا بـە تـەواوی نیوە بەیتـە فارسییەکەی وەرگێراوەو لـە هـەندێ شـوێنیش وەرگێرانەکەی بـە دەسکاری یە .

٣) لە هەندێ بەیتیشدا تەنیا واتای گشتیی فارسییەکەی وەرگرتووە و بە کوردی دایرشتۆتەوە .

( (ملخص البحث ) )

ان الشاعر عبدالرحمن بگ صاحبقران و الملقب بـ ( سالم ) واحد من الشعراء الكلاسيكيين في الكرمانجية الجنوبية الذيـن تأثروا بالادب الفارسي عامة وبغزليات حافظ الشيرازي خاصة .

ينطلق هذا البحث الموسوم بـ ( سالم الشاعر تحت تأثير حافظ الشيرازي ) من محورين اساسيين :

المحور الاول : دراسة الابيات التي تقع ضمن منهج الادب المقارن ، حيث قام الشاعر (سالم ) بترجمة صدر الابيات الفارسية الى اللغة الكردية مع الاشارة الى نوعية الترجمة هل هي مباشرة ام بتصرف وتحديد درجة التصرف .

المحور الثاني : الاشارة الى الابيات التي قام ( سالم ) بتضمين ( عجز ) الابيات الفارسية وتثبيت مصادرهـا ، ومـن ثـم كتابـة معـاني الابيات الفارسية تسهيلا للذين لا يتقنون هذة اللغة . ومن الجدير بالذكر ان الباحث اوضح من مستهل بحثـه ان الشـاعر ( سـالم ) كان تأثر بالشكل اكثر من المضمون.

سەرچاوەکان :


١- دیوان حافظ ، تیموربرهان لیمودهی ، انتشارات کاویان ، چاپخانەو ارمان ، چ٢ ، ١٣٦٨ .

٢- دیوانی سالم ، چ٢ ، گیوموکریانی / هەولێر ، ١٩٧٢ .

٣- شرح سودی بر حافظ ، چاپ یکم ، اپر : محمد سودی ، انتشارات زرین .

٤- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ، د. مارف خەزنەدار ، چاپخانەی ( المؤسسة العراقية للدعايـة والطباعـة ) ، بغـداد ، ١٩٨٤ .

٥- مێژووی ئەدەبی کوردی ، چ١ ، عەلائەدین سوجادی ، بەغدا ١٩٥٢ .


## Summary


*The poet Abdul-Rahman Bag Sahib qiran, Known as Salim, is one of kurdish classical poets who wrote in sothern kurmanji and were influenced by persian Literature in general and Hafidh Shirazi in particular.*

*This study which is called (The poet Salim under the influence of Hafidh Shirazi) consists of two parts:*

*The first part is the study of the lines that fall under the method of comparative literature For the poet Salim translated the first half of persion lines into Kurdish with the refrence to the type of translation-is it a direct translation or a translation with necessary chnge?*

*The secand part is a refrance to the lines where Salim included the second half of Persian lines with explaining the don't know persion.*

*It is worth mentioning the research explaned at the biginning of his study that the poet Salim was influenced by the form rather than by the content.*